# کەرکوك ئەگەر کوردستان بێت لە ناسنامە ئینسانییەکەی کەم نابێتەوە!!

عەلی مەحمود محەمەد ۲۸-٤ بەشی دووەم

چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد حککع لە ۱٤–٤ دا کە ڕۆژی ئەنفالە بەیاننامەیەك تایبەت لەسەر کارەساتی ئەنفال دەربکات و تیایدا پیرۆز بایی بکات لە جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لە ڕوخانی ڕژێمی ئەنفال کە لەو تاوانە بێ وێنەیە لە مێژوی عێراقدا۱۸۲۰۰۰ لە ژنان و منال و پیر و پەککەوتەی کورد بونە قوربانی. ژمارەی ژنە پەلاماردراوەکانی کوردو کوژراوەکانی دەیان ئەو ژمارەیەیە کە لە دوای ڕاپەڕین بەناوی ناموس پەرستییەوە قەسابی کراون وە حککع هەزاران بەیاننامەی لەسەری دەرکرد کە من دەس خۆشیان لێ دەکەم. بەڵام دەبوایە ئەم تاوانە کەم وێنەیەشیان لە بیر نەکردایە. من کە ڕەخنە لە حککع دەگرم بەنیازی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەو حزبە قەڵەم لە کاغەز ناچەقێنم بە هەڵەیان دەزانم نەك تاوانبار وە بەبەشێك لە دلسۆزانیان دەزانم نەك خیانەتکار. با بێینە سەر ئەسلی بابەت ڕۆژی ۱٤ –٤ کە ڕۆژی ئەنفالە لە کوردستان حککع بەیاننامەیەکی دەرکردوە بەناوی شاری کەرکوك دەبێت ناسنامەی ئینسانی هەبێت. با لە تایتلی بەیاننامەکەوە دەست پێ بکەین بەڕێزان بنکەو بانکەی (واتە سەرکردایەتی) حیزب، ئینسانیەت وابزانم ئەگەر هەلە نەبم وە فەرهەنگی وشەسازی ئێوە جودا نەبێت مانای مرۆڤایەتی دەگەیەنێت. مرۆڤایەتیش ئەگەر ئیشتبام نەکردبێت کاتێك دەسەڵاتدار دەبێت کە ئیمتیازاتی نەتەوەیی، مەزهەبی، ئاینی، ڕەگەزی، چینایەتی لە نێوان مرۆڤەکاندا نەمابێت و سەرجەمیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بن. شاری کەرکوك وەك هەر شارێکی کەی ئەم جیهانە سنوری جوگرافیاو چوارچیوەی نیشتمانی خۆی هەیە ئەویش کوردستانە، جوگرافیاو نیشتمانی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا ناکۆك نین، بەلکە مرۆڤایەتی لە چوار چێوەیەکی جوگرافی دیاری کراودا دەسەڵاتدار دەبێت کە سستەمی دەسەڵاتدار دیاری دەکات نەك ناوی نیشتمانەکە هیچ کاتێك ناو مرۆڤایەتی بونی دەسەڵات دیاری ناکات دەشێت نیشتمانێك ناوەکەی نەگۆڕێت بەڵام سستەمەکانیان بگۆڕێت. من بۆ خۆم پێم وایە سستەمێکی سۆسیالستی مرۆڤدۆستانە کە ڕێز لەدیموکراسییەت و ویست و ئازادی یەکانی مرۆڤایەتی بگرێت باشترین سستەمی دەسەڵاتداری یەتی یە ئەم سستەمەش ناکۆك نی یە لەوەی کەرکوك بەشێك بێت لە جوگرافیایەك کە ناوی کوردستانە. مرۆڤایەتی لە کەرکوکدا کاتێك دەسەڵاتدار دەبێت کە شوێنەواری سیاسەتەکانی بەعس لە بەزۆر گۆڕینی دیمۆگرافیای شار لە ژێرەوە هەلتەکێنرێ ئەو یاساو ڕێسایانەی سستەمی پێشوو کەلەسەر بنچینەی ئاپارتایدی نەتەوەیی دای مەزراندبوو هەلوەشێتەوە ئیمتیزات لە خاوەنەکانیان بسەنرێتەوە و مافی ماف خوراوان بگەڕێتەوە ئەوەیش بەوە دەبێت دەرکراوەکان بگەڕێنەوە بە بێ جیاوازی نەتەوەیی لە نێوان کورد و تورکمان و ئاشوری و. . . . هتد، سەروەت و سامانە زەوت کراوەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەوانەی هاتون بگەڕێنەوە ئەو جێگەیەی لێوەی هاتون و حکومەتی ئایندەش قەرەبوی زەرەرو زیانەکانیان بکات وئەم کارەش بە کەلەگایی و تالان و بڕۆ ناکرێت بەلکە لە ڕێگەی لیژنەو کۆمیتەی تایبەت و دادگاکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەو عەرەبانەی کە هاتبون بۆ کەرکوك نەك هێنرابوون زۆر بە ڕێکو پێکی نەخشەکانی بەعسیان جێ بەجێ دەکرد. کەدەلێم هاتبون کەس بە زۆر نەیانی هێناوە ئەوان بۆ ئیمتیازات هاتبون. لەو سەدان هەزارە نمونەیەکمان لێیان نەدی بەدزی بەعسەوە لە ژێرەوە بە پارە کۆپیەکەی بەغداش بێت مانگانە کرێی خانوو یاخود زەوی یە کشتوکالییەکەی بدایە بەخاوەندەکەی کە خاوەنەکانیان هەموو لە ئۆردوگاکاندا لە برسان دەتلانەوەو لەژێر لایلۆندا لەسەرمان دەلەرزینەوە. خەلکی کەرکوك لە سەردەمی بەعسدا جگە لە عەرەبەکان مافی هاولاتی بونیان نەبوو تەنها لە چاوەڕوانی دەرکردندا لەم شارە ژیانیان بەسەرە برد. چارەنوسی خۆیان تەنها لە ڕومادی یاخود خێمەکانی بەردەقارەمان و بنەسەڵاوەدا دەبینییەوە. کەم نین ئەو ماڵانەی دەرکران یاخود خانوەکانیان زەوت کرا و مالە عەرەبە خۆشەویستیەکانیان چونە ناوی و داگیریان کرد. ئەمە کەس و کاری بەشێك لە ئەندامانی ئێوەشی گرتۆتەوە هیوادارم پەردە پۆشی نەکەن. هەروەها

بەشێکی زۆر لەو عەرەبانەی کە نیشتەجێ ی کەرکوك دەبون لە دامو دەزگا سەرکوتکەرەکاندا کاریان دەکرد و بەشێك بون لەو دەزگا سەرکوتکەرانەی سەرەڕای هەلوەشاندنەوەی دەبێت ئەنداما نی دادگایی بکرێن. بۆ ڕاستی قسەکەم سەیری ناوی گەڕەکەکانیان کەن حی شورتە وعسکری، دورالامن، حی زبات، دۆمیس، حی شهداء، مفقودین، حی نسر، حی بعس وو، ، ، ، ، ، هتد. خەلکی ئەم گەڕەکانە لە ئە نجامی کارکردنیان لەو دەزگا سەرکوتکەرانەدا گەڕەکی تایبەتیان بۆ دروست کرابوو. ئایا ئەمانە جگە لە دەر کردن جێی خۆشی نی یە دادگایی جەماوەری بکرێن و دەبێت شوراکانی ئێوە لەشاری کەرکوکدا یەکەم داواکاریتان داوای دادگایی ئەمانە بکەن. لام سەیرە ئێوەی بەڕێز جیاوازی لە نێوان سیاسەت و دلداری ناکەن. ئێستا حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان کە سازش دەکەن بەرامبەر بە دادگایی ئەم تاوانبارانەی کە لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس کاریان کردوە من بانگەوازتان دەکەم بۆ داواکردنی دەست بەجێی دادگایی تاوانبارانی پێشوی دەسەلاتدارانی بەعس بێ جیاوازی نەتەوایەتی و لێ سەندنەوەی تەواوی ئیمتیازاتی ستەمی کۆن لێیان نەك داکۆکی کردن لێیان.

تا ئێستا هیچ حزبێکی عێراقی نەیان توانیوە وا بە ئاشکرا دەنگ هەلبڕن دژ بە دەرکردنی ئەو خێزانانەی بۆ بەعەرەب کردنی کەرکوك هاتون چونکە دەزانن ئەمە گەمەیەکی سیاسی ئاسان نی یەو دەزانن حکومەت چی چاندوە وچی کراوە بەلام ئێوە کوردن لە ژێر ناوی عێراقی بونەوە دەنگ هەلەبڕن کە ئەمە گەمەیەکی باش و سەرەتایەکی بەکەلك نی یە بۆ کەلك وەر گرتن لە هەلو مەرج بۆ بوون بە حزبی سەرانسەری نەك سەنگەری تازە بە دەس ناهێنن بەلکە کۆنەکەش دەدۆڕێنن و ئاگرێکی خەتەرناکە گەمەی پێ دەکەن دەستان دەسوتێنێ. بەڕێزان ئینسانی بون بێ چارەسەر کردنی زامەکانی ڕابردوو خەونە، ئینسانیبون پێویستی بە مرۆڤی خاوەند تەندروستی باشە و خودی مرۆڤ ئە نجامی دەدات. مرۆڤایەتی لەگەل جرو جانەوەرەکانی بەعس گرانە. بەلام ئەوەش تاوانە دڕندەیەك بە یەکی کە بگۆڕێتەوە. ئیتر عەگالی لەسەر بێت یان جەمەدانی. دلداری لە زۆری هەلواسیندا ناکرێت. هەموو شارێك ناسنامەی نشتمانی خۆی هەیە ئەگەر دەکرێت ناوی یەك شارم پێ بلێن لەم جیهانە پان و بەرینەدا کە جوگرافیای نەبێت و لە چوار چێوەی نیشتمانێکدا نەبێت.

من دەمەوێت کەرکوك لە چوار چێوەی ئەو نیشتمانە بێت پاش ریفراندۆمەکەی ئێوە کە سەربەخۆ دەبێت ناوی دەنرێت کوردستان. نازانم ناوی کوردستان لەو ولاتە دەنێن کە مژدەی بەدەست هێنانیتان داوە بە کورد یان ناوو ئالایەکی کەتان بە ئارەزوی سیاسی خۆتان بۆ داناوە، هەروەها ئایا کەرکوك دەکەوێتە چوارچێوەی جوگرافیای ئەو کوردستانەوە کە مژدەتان داوە بە کورد پاش ریفراندۆمەکە بە دیاری پێشکەشی بکەن ؟.

. وا بزانم وشەی کوردستان و ئینسان دژ بە یەك نین کوردستان شوێنی ژیانی کۆمەلێك مرۆڤە کە ئینسانن زۆربەیان بە کوردی دەئاخفن ناویان کوردە. ئەگەر باوەڕتان بە مرۆڤ بونی کورد هەبێت وابزانم هەموو تابەتمەندییەکانی مرۆڤ بوون لە کوردا هەیە ئەگەر هەلە نەبم لە ٢ قاچ، ٢ دەس، شێوەی دەموچاوو، زمان، بیرکردنەوە، . . . هتد.

پاشان لە بەیاننامەکەدا هاتوە (تا دوێنێ تورکمان کورد و عەرەب وەك خۆشەویست و دراوسێ ی یەکتر پێکەوە دەژیان) نازانم کام یەکێك لە ئەندامانی حزبتان نەك خەلکی ئەم شارە بەم ڕستەیە دەلێن ئامین جگە لە بەعسییەکان نەبێت. کەرکوك لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە شاری گۆڕینی دیمۆگرافیاو پێکهاتەی نەتەوایەتی بوە، شاری ئیمتیازات دان بە نەتەوەی دەسەلاتدار بوە. لە عوسمانییەکانەوە بۆ مەلەکی تا بەعس. هەمیشە پنتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوە. تا چەوساندنەوەی نەتەوایەتیش هەبێت بیر لە برایەتی ناکرێتەوە مەگەر ناسوێنالستەکان دوژمنی سەرسەختی برایەتی گەلان نین. پێرێ و دوێنێش هەر ناسوێنالیزم لەم شارە دەسەلاتدار بوە بەلام بە جامانییەوە نا. خۆ ناسوێنالیزم بە پیکاب لە علوەوە ڕۆستەم و نیزامەدین گلی لە سلێمانی و هەولێر نەیان هێنا بۆ کەرکوك بەلکە پێش

www.kurdistannet.org

ئەمان هەبوە یان ئێوە کێشەتان بەس لەگەل ناسوێنالیزمی کوردا هەیە. ئەم شارە لە مێژوی نوێیدا کۆمەڵێك ڕوداوی جەرگبڕی تێدا ڕوی داوە لە شەڕی نەتەوەیی لە دوای هەلوەشاندنەوەی دەولەتی عوسمانی گۆڕ بە گۆڕەوە. هەروەها بەردەوام شوێنی چەوساندنەوەی کورد بوە لە ڕوخاندنی گەڕەکە هەژار نشینە کورد نشینەکانی قەراخ شار بە ناوی گەڕەکی جمهوری سالی١٩٦٣ تا ئەو ڕۆژەی بەعس لە گۆڕ نرا دوای ڕوخانی بتەکەی سەدامیش مالە کوردەکان چاوەڕوانی دەرکردنیان دەکرد لە ناو لۆریدا. کەرکوك نەك شاری خۆشەویستی نەبوە بەلکە لەبەر حقدی نەتەوایەتی کە بەعس دروستی کردبوو سیمای ژیان لەم شارە نەمابوو ببوو بە شاری حقدو کەراهیەتی نەتەوایەتی. ئاواتە خوازی بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو خۆشەویستی یە بەس قەسابخانەی لێوە لە دایك دەبێت. ئەم مدینە فازلەیەی ئێوە باسی لێوە دەکەن کە دەزانم بە ناچاری دەینوسن و دەتانەوێت تەنها بیسەلمێنن کە حزبی عێراقین و نێو نەتەوەین باوەڕتان پێ ی نییە بە تایبەتی کەرکوکییەکانتان ئەو شارە دوێنێ تەنها بۆنی خوێن و هەژاری و چەوساندنەوەی لێ دەهات. هەرچەندە زۆربەی بارەگاکانی بەرەی تورکمانی ینك بۆینیان دانا لە کەرکوك یەکەم ڕۆژ دەستیانیان گرت دوایی بێ نمەك دەرچون بەرامبەر بەو ینکەی باشترین زەوییان لە کوردستان پێ بەخشین بەلام دەست خۆشی لە ینك دەکەم دەبوایە زوتر خۆی بکردایە بە کەرکوکدا دەبوایە یەك زەرە لە سڕینەوەی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس سازشیان نەکردایە هەرچەندە کردیان. هیوادارم لە ئێستا بە دواوە لە ڕیز بەندی هێزە کۆنەپەرستەکانی عێراقدا ناسوێنالیزمی کورد بخەنە دوای ناسوێنالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسییەوە وەك لەم بەیاننامەیەتان هاتوە (ئەحزابی کۆنەپەرستی ناسوێنالزمی کورد و عەرەب و ئیسلامی سیاسی) چونکە لام ڕونە بەهەموو دکتاتۆری و گەندەلی و سازشی هێزە کوردستانی یەکان لەچاو ئەو هێزانەی ناوتان هێناون جیاوازییان ئاسمان و ڕێسمانە وە لە یادتان نەچێت کە نامەتان بۆ ینك نارد بۆ بەژداری کردن لە خەبات بۆ هەلوەشاندنەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان. ئێستا نەك ئەو ئیسلامی سیاسی یە هەلنەوەشایەوە بە نامەکەی ئێوە بەلکە بە هاوکاری کۆنە بەعسییەکان و ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە زەبلاح تر بونە. هیوادارم هەمان نامە بۆ سەرجەم هێزە دیوکراس خوازو عیلمانییەکانی عێراق بنوسن ئێستا مەترسی ئسلامی سیاسی لە مێژوی عێراقدا بێوێنەیە و لە دەرگای دەسەلات دەدەن یەکەم قوربانیش هەر ئێوە دەبن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.